مەشهەدانی بە وەزیری دەرەوەی تورکیا دووپات دەکاتەوە: مافی ئاوییەکانی عێراق هەی سوورە

سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران پشوازی لە وەزیری دەرەوەی تورکیا دەکات و لەگەیدا باس لە مافەکانی ئاوی عێراق و پاراستنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو وڵات دەکات.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە بڵاویکردەوە،دکتۆر مەحمود مەشهەدانی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق پشوازی لە وەزیری دەرەوەی تورکیا بەڕێز هاکان فیدان و وەفدی یاوەری کرد، بە ئامادەبوونی سەرۆکی لیژنەی دەستپاکی پەرلەمان بەڕێز زیاد جەنابی.

وتیشی لە میانی دیدارەکەدا پەیوەندییە مێژوویی و دووقۆییەکانی نێوان عێراق و تورکیا تاوتوێکران، هەروەها ڕێگاکانی پتەوکردنی هاریکاریی سیاسی و ئابووری و ئەمنی لە پێناو پتەوکردنی سەقامگیریی ناوچەکە و خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی هەردوو گەلی دەست.

هەروەها هاتووە مەشهەدانی دووپاتیکردەوە کە عێراق ئێستا بە متمانەوە بەرەو قۆناغێکی نوێی بیناسازی و گەشەپێدان و سەروەری نیشتمانیی پتەوی چەسپاو دەڕوات، داوای دروستکردنی هاوبەشییەکی ستراتیژی هاوسەنگ دەکات کە لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی یەکتر و بەرزکردنەوەی هاوکاری لە بوارەکانی وەبەرهێنان و ئابووریدا بێت، بەتایبەتی بەشداریکردنی کەمپانیاکانی تورکیا لە پڕۆژەی ڕێگای

گەشەپەدان و پەرەژە گرنگە گەورەکانی ناوخۆی عێراق.

هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا باس لە پرسی ئاو کرا، سەرۆکی پەرلەمان جەختی لەوە کردەوە کە عێراق دەستبەرداری مافە ڕەواکانی ئاوی نابێت. داوای کرد گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنی هاوبەش هەبێت بۆ دەستبەرکردنی پشکی زیاتری ئاو و بەدیهێنانی بەڕێوەبردنی دادپەروەرانە و بەردەوامی سەرچاوەکانی ئاوی هاوبەش، بەمەش سەقامگیری ناوچەکە پتەوتر بکرێت و هاریکاری نێوان بەغدا و ئێنقەرە قووڵتر بکرێتەوە.